# رەهەندە ئەنتۆلۆجیەکانی مۆسیقا لە پارادایمی ئەدەبیاتی عیرفانیدا (مەولانای ڕۆمی)، (مەولەوی تاوەگۆزی)، (جبران خلیل جبران) وەك نموونە

**لهۆن قادر عبدالرحمان**

کۆلێجی کارگێڕی و ئابووری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-**ئەم توێژینەوەیە هاوبەشی دیدی عیرفانیانە دەردەخات بۆ بابەتێکی وەك مۆسیقاو هونەری لیریکا لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا، وێڕای جیاوازی ئاین‌و زمان و سەردەم، هاوکات جیاوازی بنەڕەتی ئەم پارادایمە لەگەڵ پارادایمی ئاینی لە سەردەمی هاوچەرخدا. بەڵگەو زەمینەو کەرەسەی ئەم سەلماندنەش هۆنراوەی شاعیرانێکی مەزنی وەك مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی و جبران خلیل جبرانە، کە بە شیکاری و توێژینەوە لە هۆنراوەکانیان پەی بەو ڕاستیە دەبەین کە دیدی ئاینی و بەرهەمی ئەدەبی شاعیرانی عارف چەندە قوڵە و بەپێچەوانەشەوە دیدو بەرهەمەکانی نوێ چەندە سادەو رووکەشانەیە.

**زاراوە کلیلیەکان-** ئەنتۆلۆجیا، پارادایم، عیرفان، عیشق.

## 1. پێشەکی:

مۆسیقاو گۆرانی، کە لە سەردەمی مۆدێرنداو لە باشترین حاڵەتیدا، لە دیدێکی ئیستێتیکیانەوە دەنرخێنرێت، بەڵام لە فەلسەفەی کلاسیك‌و عیرفاندا بەگشتی (عیرفانی بودی، عیرفانی یهودی، عیرفانی مەسیحی، عیرفانی ئیسلام...هتد) ڕەهەندی زۆر قووڵی ئەنتۆلۆجی هەیە کە مۆسیقاو گۆرانی دەباتە ئاستێکی باڵاو بە بەهاتر. لە ترادسیۆنێکی لۆکاڵی وەك (یارسان)دا ئامێری (تەنبور) پیرۆزی هەیە کە (جوبرەئیل)ی فریشتە بۆئەوەی (ڕۆح) ڕازی بکات‌و بچێتە جەستەی مرۆڤەوە ئامێری تەنبوری بۆژەنی. پارادایمی عیرفانی کە لە دیدیدا بۆ مرۆڤ، دایدەماڵێت لە هەموو بەرگ‌و پێستێکی مێژوویی‌و (خودی مرۆڤ) دەکاتە سەنتەری جیهانبینی خۆی‌و بوونناسی، بەدیهێنەری مۆدێلێکی ئەدەبیاتیشە کە ئەدەبیاتی عیرفانییە.لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا، ئامێرەکانی مۆسیقاو گۆرانی، بوونەتە بەشێکی بنەڕەتی لە ڕاڤەکردنێکی ئەنتۆلۆجیانە بۆ (وجود، نەمری... هتد).

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی چەند هۆنراوەیەکی (مەولانای ڕۆمی)و (مەولەوی تاوەگۆزی) و (جبران خلیل جبران)مان وەرگرتووە کە یەکەمیان عارفێکی فارسیەو (850) ساڵ پێش ئێستا ژیاوە. دووەمیان عارفێکی گەورەی کوردە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە (19)دا ژیاوە، سێهەمیان وێڕای ئەوەی مۆدێرنەو لە ئەمەریکاو فەرەنسا ژیاوەو لە سەرەتای سەدەی (20)دا ڕابەرایەتی شاعیرانی (مهجر)ی عەرەبی کردووە، بەڵام کاریگەربوونی بە (عیرفانی ڕۆژهەڵاتی‌و مەسیحی) کۆی دەکاتەوە لە چەندین دیدی هاوشێوەدا لەگەڵ عارفانی دیکەی ئەم ناوچەو جیهاندا، چونکە دەرئەنجام دیدی عیرفان‌و عارفانە دیدێکی ئەنتۆلۆجیەو دەرئەنجام ئەم سێ شاعیرە وێڕای جیاوازییەکانیان دیدی قوڵ‌و ئەنتۆلۆجیانەی خۆیان بۆ مۆسیقاو گۆرانی دەخەنەڕوو کە بەکارهێنانی گۆرانی‌و مۆسیقایە وەکو کەرەسەیەکی ئەنتۆلۆجی. لە پاری یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا، باسی چەمکی ئەنتۆلۆجیاو پارادایم‌و چۆنیەتی تێڕوانین بۆ مۆسیقامان کردووە لە دیدێکی ئەنتۆلۆجییەوە. لە پاری دووەمدا باسمان لە عیرفان و ئەدەبیاتی عیرفانی کردووە کە زەمینەو کەرەسەی توێژینەوەکەی ئێمەیەو پاشان باسمان لە (وجد) و (سماع) کردووە کە بەکارهێنانێکی عارفانەی یاخود عیرفانیانەی هونەری دەنگی خۆشە بەواتا هاوچەرخەکەی. لە پاری کۆتاییدا نموونەی هۆنراوەکانی هەرسێ شاعیرمان هێناوە کە دیدە ئەنتۆلۆجیەکانی ئەوان دەسەلمێنێ بۆ مۆسیقا.

ئەم توێژینەوەیەمان ڕەوشێکی بەراوردکاریانەی گرتۆتەبەر بە میتۆدی بونیادگەرانەی وەسفی بە ئامانجی مانفێستکردنی ڕەهەندە شاراوەو میتافیزیکیەکانی نێو دەق.

## 2. پاری یەکەم :ئەنتۆلۆجیا- مۆسیقا بەدیدێکی ئەنتۆلۆجیانە- پارادایم

### أ. ئەنتۆلۆجیا (انطولوجیا):

لە واتای گشتی وشەکەدا، بە بەشێك لە زانستی فەلسەفە ناوزەد دەکرێت کە بەدوای پرسیارگەلێکی وەك (بوون چییە؟) یاخود (چ تایبەتمەندییەکی هاوبەش لەنێوان تەواوی -موجودات-ی بووندا هەیە). لە فەلسەفەدا ئەنتۆلۆجیا سیستمێکە لە دیدی جیاواز بەڵام لە دیدگایەکی تایبەتەوە بۆ (بوون) پێکهاتووە، کە ئەویش دیدێکی قوڵ یاخود ئەنتۆلۆجیە(جیلیز دونالد،٢٠٠٩ ،ل١١٢).

لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر دیدی عارفانە دەکەین نەك فەلسەفیانە، بەڵام ئەنتۆلۆجیە، چونکە ڕاو ڕاڤەیەکی قوڵە لەسەر بوون‌و پەیوەندی ئەنتۆلۆجیانەی مۆسیقا بە بوونەوە.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 4، العدد 1(2018) ؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v4n1y2018.pp113-119

أُستلم البحث في 28 يناير 2018؛ قُبل في 28 شباط 2018

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 31 آذار 2018

البريد الإلكتروني للمؤلف : lhon.abdulrahman@uhd.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2018 لهۆن قادر عبدالرحمان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**ب. مۆسیقا بە دیدێکی ئەنتۆلۆجیانە:**

مرۆڤی مۆدێرن، لەپێناو ئەبستراکت کردنی دیاردەکانداو بەمەبەستی قوتاربوون لە ڕاڤەی میتافیزیکیانە، ڕووی وەرچەرخاند لە پرسیاری ئەنتۆلۆجیانە بۆ بوونو سروشتو دیاردەکان بە گشتی، بەڵام لە دیدی فەلسەفەی کلاسیكو پارادایمی عیرفانیدا دیدی ئەنتۆلۆجیانە دەسپێکی گەشتە مەعریفیەکەن هەربۆیە وەڵام و بەرئەنجامەکانیش قوڵو جەوهەرین.

(فیثاغورس)، (497پ.ز کۆچی دوایی کردووە) کە نیزامو یاسای جیهانی بەرمەبنای تیۆری ژمارەکانی ڕووندەکردەوە، مۆسیقای لە ڕوانگەی پێکهاتەی هارمۆنییەوە، بە وێنەیەك دەزانی لە نیزامو یاسای هاوئاهەنگی جیهانو باوەڕی وابوو کە دەکرێت بە مۆسیقا دەروونی مرۆڤ هارمۆنکرێت لەگەڵ یاسای جیهانیو گەردوونیدا(امین احمد،١٩٣٥،ل٣٢).

(ئەفلاطون)یش بەهەمان شێوەی (فیثاغورس) باوەڕی بە کاریگەری مۆسیقا هەبوو. باوەڕی وابوو کە مۆسیقا یادگارییەکە لە پەی پێبردنەکانی ڕۆحی ئێمەو لە ئاوازە پڕ جۆشەکانی جیهانی باڵاو ڕۆحو ئاسمانەکانە، بەرلەوەی بگوازرێینەوە بۆ قاڵبی خاکی بوونمان.

لە فەیلەسوفان بگوزەرێین (عارف) هەروەکو چۆن لەڕێی چاوەکانیەوە پەی دەبات بە گەورەییو کارەکانی خوداو لەڕێی (فکرو زیکر)ە وە بەردەوام دڵی پەیوەست دەکات پێوەی، لەڕێی گوێکانیشییەوە بەهۆی (جزبە)و (سماع) دەکەوێتە سەر ڕێتمێکی ئاوازو گۆرانیو مۆسیقی کە جۆرێکی ترە لە پەی بردن بە حەقیقەتی ئەم بوونەوەرەو هاوئاوازبوونە لەگەڵ هارمۆنی سەرجەم دروستکراوەکانی ئەم بوونە(امین احمد، ١٩٣٥،ل٣٢).

لە (جنید بغدادی)یان پرسی کە بۆچی سۆفی ئارامو بە ویقارە، بەڵام کتوپڕ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاوازێكو دەجۆشێو حاڵی لێ دێتو جوڵەی ناسروشتی لێ دەبینرێت؟

لە وەڵامدا وتی: "خوای گەورە لە پەیمان وەرگرتنەکەی ئەزەلەوە کە پەیمانو بەڵێن وەرگرتنی خوایە لەگەڵ (بنی ئادەم) پێی فەرموون (ألستُ بِرَبِّكُمْ). شیرینیو دڵفرێنی ئەم گوتەیە لە ڕۆحی مرۆڤدا ماوەتەوە، هەربۆیە هەرکات ئاوازێکی خۆشی گوێ لێدەبێت،چێژی ئەو گوتەی دێتەوە یادو بەوچێژەوە دەکەوێتە جوولە"(کاشانی عزالدین محمود،٧٩٤ ق،ل١٨٩).

ئەمەش هاوشێوەی گوتەکەی (ذوالنون مصری)یە کە دەڵێت "الأصوات القلبیه مخاطبات واشارات الهیه، استودعها کل طیّبٍ وطیّبه" (کاشانی عزالدین محمود،٧٩٤ ق،ل١٩٠).

واتە "ئاوازی چاك بانگهێشتو ئاماژەیەکی خواییە کە بەدەستی ژنانو پیاوانی پاك وەك (ودیعە)ێك پێیان سپێردراوە".

**ت. پارادایم:**

(Paradigm) لە زاراوەی یۆنانی (Paradeigma) وە وەرگیراوە کە بەواتای (سەرمەشق، مۆدێل)و هاوشێوەکانی دێت. پارادایم لە واتای گشتیدا چوارچێوەیەکی فکرییەو زاراوەیەکە لە فەلسەفەدا بەکاربراوەو کە مەبەست لێی ئەو بنەمایانەیە کە کاریگەریان هەیە لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئێمە لە بابەت دیاردەکانی جیهانو بوون، بە کورتی دەتوانین بڵێین مۆدێلێکە لە بیرکردنەوە لە (بوون) (عبدالهی محسن،tirat.blogfa.com).

بۆ یەکەمین جار ئەم زاراوەیە (تۆماس کۆهن) لە لێکۆڵینەوەکانیدا بۆ (فەلسەفەی زانست) بەکاری هێنا کە مەبەستی بوو بڵێت، ڕەوشی بیرکردنەوەی زانستی شێوازەکانی (استقراء)و (استنباط)ی وەلاناوەو مۆدێلێکی نوێی بیرکردنەوەو ڕەوشی بیرکردنەوەی زانستی گرتووەتەبەر (جیلیز دونالد،٢٠٠٩).

ئێمەش لەم توێژینەوەیە، مەبەستمانە ئاماژە بە چۆنیەتی بیرکردنەوە لە (گۆرانیو مۆسیقا) بکەین بەڵام لە مۆدێلو پارادایمی عیرفانیدا.

## 3. پاری دووەم: عیرفان- ئەدەبیاتی عیرفانی- (وجد)و سماع

**أ. عیرفان:**

مرۆڤ لە بەرەبەیانی بوونەوە هەڵگری پرسیارە جەوهەریو ئەنتۆلۆجیەکانە، کە بۆ وەڵامدانەوەیان هەریەك لە (ئاین)، (فەلسەفە)، (زانست) وەڵامی خۆی هەبووەو هەیە کە وەڵامەکانی دەرئەنجامی جیهانبینیو کەرەسەکانی بیرکردنەوەی بووە بۆ (بوون). (عیرفان) ڕەوشێکی دیکەی مۆدێلی بیرکردنەوەیە کە تەواو سەربەخۆیە لەو سیانە. ئەگەرچی قوڵی فەلسەفەی هەیەو هەڵگری ڕۆحی ئاینییە، بەڵام لە فەلسەفەدا جیاوازە کە سەرچاوەی معریفەی فەلسەفە (عەقڵ)و هی عیرفان (دڵ)ە . لە ئاینی باویش جیاوازە بەوەی باڵاترە لە ئاینێکی دیاریکراوو تایبەتمەندی خۆی هەیەو بە جیاوازی ئاینە ئاسمانیو زەمینییەکان عیرفان هەیە، وەکو (عیرفانی یهودی، مەسیحی، ئیسلامی، بودی، یارسانی... هتد).

"ڕەوشو ڕێگەیەکی زۆر باوی نێوان گەلانی جیاواز، ڕێگەیەك کە بۆ کەشف (حقایق) ڕاستیەکان لە (بوون)داو پەیوەندی نێوان (انسان)و (حقایق) ڕاستیەکان، ڕەوشو ڕێگەی عقڵیو (استدلال)ی ناگرێتەبەر، بەڵکو پشت بە (ذوق)، (اشراق)، (وصول) (اتحاد)، دەبەستێتو بۆگەیشتن بەم قۆناغانە دەستووروو ڕێچکەی تایبەتی دەگرێتەبەر، ئاسەواری ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە لای گەلانی جیاواز لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا هەیەو تەنانەت ئاسەوارو وێنەی سادەو سەرەتایی ئەم ڕەوشە لە ئاینو مەزهەبو بیرو باوەڕە سەرەتاییەکانی کۆنو مرۆڤی دێریندا دەبینرێت (یثربی سید یحیی، 1377هـ ش،ل٣٣).

**ب. ئەدەبیاتی عیرفان:**

ئەگەر سەربوردێکی مێژووی ئەدەبیات بکەین دەبینین کە پەیوەندیەکی بەرینو بەتین لەنێوان عیرفانو ئەدەبیاتدا هەیە، بەتایبەتی لەم ناوچەو لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، پەیوەندی نێوان عیرفانو ئەدەبیات پەیوەندییەکی چییەتیو هەبوونییە بەجۆرێك ئەگەر نەڵێین عیرفان دەسپێکی ئەدەبی کوردییە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین سەرچاوەی تەقینی کانیاوی ئەدەبییە لە ساتە پڕ شانازییەکەی ئەدەبیاتماندا، بەتایبەتی پاش دەرکەوتنی (طریقە)تی نەقشبەندی کە خودی (مەولانا خالید) هاوکات لەگەڵ عارف بوون، شاعیرێکی کارامەبووەو شیعر یەکێك بووە لە کەرەسەکانی دەربڕینی عارفانە.

(زمان) بەرجەستەترین پێگەی عیرفانو عارفە کە لەڕێگەی زمانەوە دەتوانێت پەیوەندی دروست بکات بە دەوروبەرەوە. عیرفان لەگەڵ ئەدەبیشدا هەمان نیسبەتی هەیەو عیرفانو ئەدەبیات لە ڕێچکەی زمانەوە دەگەنە خاڵێکی هاوبەشی گشتی، واتە

(زمان) دەبێتە هۆکاری بەرجەستە (کە دەربڕینە) بۆ هەردووکیان (فولادی علیرضا، 1389 هـ. ش).

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوەبکەم کە هەروەك چۆن جۆری جیاواز لە عیرفان هەیە، بەهەمان شێوە هەریەك لەو جۆرانە ئەدەبیاتی عیرفانی خۆیشیان هەیە وەك ئەدەبیاتی (ئیسلامی، مەسیحی، بودیی... هتد) کە لێرەدا من زیاتر مەبەستمە جەخت لە ئەدەبیاتی عیرفانی ئیسلامیو مەسیحی بکەمەوە، چونکە نموونەی شاعیرەکانمان سەر بە ترادسیۆنی ئیسلامیو مەسیحین.

عیرفان لە مێژووی ئاینی مەسیحیدا لە سەرەتای سەرهەڵدانی مەسیحەوە شێوازی خۆی وەرگرتو لە قۆناغەکانی خۆیدا بەرەو پێکهێنانو گەشەکردن، لە دوو سەرچاوەی (دەرەکی)و (ناوەکی) یاخود (خودی) کاریگەری وەرگرتووە، کە بە گشتی دەبنە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی عیرفانی مەسیحی. ڕەگەزە دەرەکیەکە بە (میراث)ی یەهود (لە پەیوەندی مێژوویی یهودو مسیح، هاوشێوەو نزیکی ئاینیو کاریگەری تەورات) پاشان کاریگەری ئاینەکانی (گنوسی) یاخود (باطنی)... هتد. لەسەر عیرفانی مەسیحی دەستپێدەکات تا کاریگەری ئەفلاتون و ئەفلاتونە نوێکان، ڕەگەزە خودییەکەش مەبەست لێی ئینجیلە جۆراوجۆرەکان ڕێنماییە عیرفانییەکانی خودی مەسیحو (پۆلس)و (یوحنا)یە(https//fa.m.wikipedia.org).

ئەدەبیاتی عیرفانی مەسیحیش وەکو جۆرەکانی دیکەی ئەدەبیاتی عیرفانی نەك تەنها بوونو کاریگەری هەیە بەڵکو جێ پەنجەی درێژبووەتەوە بۆ نێو هەندێك لە نووسەرانو شاعیرانی هاوچەرخیش لەوانە (جبران خلیل جبران) کە یەکێکە لە نموونەی شاعیرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان. کە لەکاتی باسی ئەو نموونەیەدا ئاماژەی زیاتر دەکەین بە ئەدەبیاتی عیرفانی مەسیحیو چۆنیەتی کەوتنەوەی لای ئەو شاعیرە.

### ت. (وجد)، (سماع) یان مۆسیقاو گۆرانی لە پارادایمی عیرفانیدا:

لەم بارەوە نووسەرو بیریاری گەورەی ڕووسی (برتلس)، لە کتێبەکەیدا (تصوف وادبیات تصوف) بەشێکی تایبەتکردووە بەو بابەتە، کە سۆفیو عارفەکانی سەرەتای مێژووی ئیسلامی کەوتنە ئەدەبیاتو بەتایبەتی شیعر نووسین. لەم بارەیەوە ڕای وایە کە سۆفیەکان زۆر گرنگیان دەدا بە (حاڵ)و بە دابەزینی ڕەحمەتی خوایان دەزانی، بۆیە بەردەوام بەدوای ئەو هۆیانەوەبوون کە دەیانتوانی (حاڵ) لە سۆفیدا بەدیبهێنن کە دواتر (سماع)یان داهێنا کە سەرەتا دەنگو ئاوازی خۆشبوو، دواتر سەریکێشا بۆ مۆسیقاو دەرئەنجام ئەو مۆسیقاو دەنگە خۆشە پێویستی بە وشەو دەستەواژەی پڕ لە جوانکاری (بدیع) هەبوو، بەڵام پێویست بوو لە دەربڕیندا وشەو زاراوەو دەستەواژەی ئەوتۆ هەڵبژێرن کە بۆ ئاستی گشتی گوێگران گونجاو بێتو لێی تێبگەن، بەڵام کەرەسە زمانیەکان ئاوازداربن بەجۆرێك جوڵەو تاسەبوون لای گوێگر دروست بکات. سەرئەنجام لەبەرامبەر ئەو شیعرانەی دەربارو چینی فەرمانڕەوادا، کە بەردەوام سنعەتکاری تێدا دەکرا، هۆنراوەی لیریکی (شیعری غەزەلی) سۆفیانە سەریهەڵدا کە جگەلەوەی ساکارو سروشتیو پڕ لە پەندو نزیکبوو لە تێگەیشتنی خەڵکییەوە بەگشتی، هاوکات هەموو هەوڵو ئامانجی ئەم جۆرە هۆنراوەیە، وروژاندنی هەستو سۆزبووە، هەستو سۆزێك کە دەرئەنجام (حاڵ)و (سماع) دروستبکات (برتلس یوگنی ادوارد وپچ،١٣٨٧ هـ ش ،ل١٤٦).

(سماع) لەنێوان عارفو سۆفیەکاندا بەشێوازی وتنی ئاواز لەلایەن کەسێکەوەو بیستنی لەلایەن گوێگرانەوە یاخود سرود وتن بە کۆمەڵو بە (دەف)و (نەی) یان ئامێرە هاوشێوەکانیان بە سازو سەماوە یاخود بەبێ سازو سەما، بە کورتی بە چەندین جۆرو شێواز، باوبووەو زۆرجار (وجد)و (سماع) دووانەی تەواوکاری یەکتربوون (یثربي سید یحیی 1387 هـ ش،ل٥٧).

## 4. پاری سێهەم: ئەنتۆلۆجیای گۆرانیو مۆسیقا لە نموونەی هۆنراوەکانی (مەولانای ڕۆمی 1207ز)، (مەولەوی تاوەگۆزی 1806ز)، (جبران خلیل جبران 1931ز)

### أ. مەولانای ڕۆمی:

عارفی گەورەی (ئەفغانی) و فارس مەولانای ڕۆمی جگە لەوەی لە (تریقە)تەکەیدا (تەریقەی مەولەویە)، (سماع) و ئاوازو گۆرانی بەشێکە لە سروتی ئاینی، (سماع) بە عیبادەتێکی گەورە دەزانێت بەجۆرێك لە بازاڕی (قۆنیە)دا چەندین جار ئاوازی ڕیتمو دەنگی مۆسیقی هەندێك لە پیشەوەرانو ترپەی (ئاش)و هاوشێوەکانی خستویەتیە (حاڵ)، تەنانەت جارێکیان گوێی لە کەسێك دەبێت لە بازاڕ کە پێستی (ڕێوی) دەفرۆشێو بۆ سەرنجڕاکێشانی کڕیاران هاواردەکات "دلکو، دلکو!"، مەولانای خستەوە یادی دڵ و دابڕانی لە (شمس)و هەر لەوێدا بە ئاوازی (دل کو، دل کو؟) گۆرانیەك دەڵێتو لەنێو بازاڕەکەدا لەگەڵ یارانی دەکەونە حاڵ و هەموو بازاڕەکە پڕدەکەن لە جۆشو خرۆش.

مەولانا (جزبە)و حاڵ، تەواوی بوونی ئەوی داگیرکردبوو، لە خەڵوەتگەکەیدا زۆرجار خەریکی ژەنینی (رباب)و (نەی) بوو، تەنانەت جۆرێکی نوێی (رباب)ی داهێنابوو، وەك سمبولێکی لە (ڕۆح) جودابووەوەو موشتاقی گەڕانەوە بۆ ڕۆح سەیری نەیو (رباب)ی دەکرد.

مەولانا لەدوای ئاشنایی بە (شمس)و دابڕانی لێی، توشی سوتانی عیشقو دابڕان بوو، بۆ دەربڕینی ئەم حاڵەی پەنای بردەبەر (مۆسیقا)و (شیعر). جیایی خۆیو (شمس)ی کردە بابەتی جیایی (ڕۆح)و (سەرچاوەی ڕۆح)، (نەی)و (ئاوازی نەی) کردە دەستپێکی ڕاڤەکردنی جیهانی بینراوو نەبینراو. کۆی (مثنوی و معنوی) (حکایەتی نەی)یە، کە شکات لە جودایی دەکات. کۆی (غزلیات شمس) کە شیعرە لیریکییەکانیەتی زادەی ساتەکانی (وجد) و (سماع) و سەماکردنە(زرینکوب عبدالحمید ، 1377 هـ ش,ل١٦٩) . تەنها ئەم هۆنراوەی مەولانا بەسە بۆئەوەی دیدی ئەنتۆلۆجیانەی مەولانا بۆ مۆسیقاو گۆرانی بخاتە ڕوو، کە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ناله سرنا و آواز دهل | چیز کی مانَد، بدان ناقور کل |
| پس حکیمان گفته اند این لحن ها | از دوار چرخ بگرفتیم ما |
| بانك چرخشها چرخ است اینکه خلق | می سرا یندش به طنبور و حلق |
| مۆمنان گویند که آثار بهشت | نغز گردانید هر آواز زشت |
| ماهمه اجزای آدم بوده ایم | در بهشت آن لحن ها بشنوده ایم |

| | |
|---|---|
| گرچه برما ریخت آب و گل شکی | یادمان آید از آنها اند کی (بلخی جلاالدین |

محمد ،(١٣٨٧ هـ.ش )

واتە: ناڵەی زوڕناو ئاوازی دەهۆڵ، شتێك یاخود شتانێکن کە کەڕنای گشتی

بەوانە بەندە. هەربۆیە حەکیمان وتوویانە، ئێمە ئەم ئاوازانەمان لە خولانەوەی گەردوونەوە وەرگرتووە. لە بنەڕەتدا ئەوە دەنگی چەرخانی چەرخە، کە خەڵکی دەیڵێنەوە بە تەنبورو گەرویان بە گۆرانی. باوەڕداران دەڵێن، کە لە دیاردەکانی بەهەشت، خاڵی بوونیەتی لە ئاوازی نەشازو ناخۆش.

ئێمە لە بەهەشتدا هەمووومان لە پێکهاتەی جەستەی ئادەم بووین‌و ئەو ئاوازانەمان گوێ لێ بووە ،ئەگەرچی کاتێك بووینە ئاوو گڵ گومانمان بۆ دروست بوو، بەڵام هێشتا هەندێك لەوەمان بیرماوە. (مطرب) کە لە زاراوەدا بە واتای (طرب) هێنەر، خۆش دەنگ‌و خۆش ئاواز یاخود سەماکاردێت، لە فەرهەنگی شیعری مەولانادا بە واتای ئەوکەسەی کە (بیان)ی حەقیقەتی دڵی عارفان دەکات‌و خەڵکی بەئاگا دەهێنێتەوە لە (عالم ربانی)و هەروەها بە (پیری کامڵ) تەریقەت وتراوە (مطرب) (تاجدین علی ، 1388 ه ش،ل٨٤٠).

مطرب عشق عجب سازو نوای دارد    نقش هرپردەکەزد راه بەجای دارد
عالم از نالە عشاق مبادا خالی    کە خوش آهنگ‌و فرح بخش نوای دارد

(نی) نەی: (نەی) یاخود (نای) لەو ئامێرە مۆسیقیانەیە کە بەدەم یاخود لێو دەژەنرێت. عارفان لەم ئامێرە چەندین بابەتی ئەنتۆلۆجیان گوزارشت کردووەو هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە (نی) ڕەمزی مرۆڤێکە کە لەخۆی (فانی) بووەو کەوتووەتەبەر خواستو ویستی نەی ژەنی هەستو بوون کە (خوا)یە (تاجدین علی ، 1388 ه ش ل٨٧٧).

مەولانا بۆ دەربڕینی بابەتە ئەنتۆلۆجیەکانی سوودی لە زاراوەکانی (مطرب، دەهۆڵ، نی، ساز... هتد) زۆر ئامێری مۆسیقی وەرگرتووە، بەڵام (نی) ڕۆڵێکی سەنتراڵی هەیە... چونکە ئەوەی مەولانا وتوویەتی لەسەر زمانی (نەی)یە.

بشنواین نی چون شکایت می کند    از جدایی ها حکایت می کند

لەم (نەی)یە ببیستە (کە مەولانا خۆیەتی) چۆن شکات دەکات‌و حکایەتی ڕۆژانی جودایی دەگێڕێتەوە... (نەی) سیمبولە بۆ مرۆڤی کامڵ‌و دابڕاو لە ئەسڵی خۆی. کە هاتنیەتی بۆ جیهانی ئێرە پاش دابڕانی لە جیهانی باڵا، هەروەك چۆن نەی دەیبڕن و لە جیهانی خۆی (کە قامیشی شەکرە) (نەیستانە) دایئەبڕن‌و نەی لێدروست دەکەن‌و دواتر ئەو دەنگەی لێبیدێت هەمووی حکایەتی ئاوازی دابڕانە.

(نیکلسون) بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕاڤەکارانی پێشوو ڕای وایە: "ناتوانین گومان لەوە بکەین کە (نی) بەشێوەیەکی گشتی (ڕۆح) یاخود مرۆڤێکی کامڵە کە بەهۆی جیابوونەوەی لە (نەیستان) واتە جیهانی ڕۆح، کە پێشتر بەر لە جیهانی ماددی، لەوێ دەژیاو نیشتمانی بوو، کە بۆ ئەو ئەسڵ و نیشتەنەی دەناڵێنێ‌و هەمان شەوق‌و چێژی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی ئەسڵی لەوانی دیکەشدا دەوروژێنێ".

کز نیستان تامرا بُریدەاند    در نفیرم مرد و زن نالیدەاند

لەوڕۆژەوەی کە منیان لە ئەسڵ و (نەیستان) جیاکردووەتەوە، ژن‌و پیاو، واتە خەڵکی بەگشتی ناڵەی گیانکێشانەیان سەرهەڵداوە، واتە هاوکات لەگەڵ من ئەوانیش بە دەردی (فراق)ەوە دەناڵێنن.

بەواتایەکی دیکە، لەوڕۆژەوەی ڕۆحی مرۆڤ لە پلەی (خوایی)یەوە هاتووەتە ئەم جیهانی ماددییە، زۆر غەمگین بووەو بەتاسەوەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆی.

سینە خواهم شَرْحە شَرْحە از فراق    تا بگویم شرحِ دردِ اشتیاق

دڵێکم دەوێ کە لەتاو فیراق‌و سوتانی دووری پارچەپارچە بووبێت، تا دەردی تاسەبوونی خۆم بۆ (ویصال) بە ئەسلم، بۆ ئەم جۆرە دڵە بەیان کەم.

هر کسی کو دور ماند از اصلِ خویش    باز جوید روزگارِوصلِ خویش

هەرکەس لە نیشتمانی ئەسڵی خۆی دوورکەوێتەوە، عەوداڵی ڕۆژگاری گەڕانەوەیەتی.

من به هر جمعیّتی نالان شدم    جفت بَدْ حالان و خوشْ حالان شدم

من بۆئەوەی هاودەردی خۆم پەیدا بکەم و دەردی جیابوونەوەیان بۆ بەیان بکەم، لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا ئامادە دەبم‌و ناڵەو هاوار دەکەم.

### ب. مەولەوی تاوەگۆزی:

شاعیری عارفی گەورەی کورد، مەولەوی تاوەگۆزی وێڕای ئەوەی ناسراوە بە شاعیری (لیریك)ی، هاوکات لەگەڵ ئەوەی خۆی هەورامی نەبووە، هۆنراوەکانی بە شێوەزاری هەورامی دەربڕیوە، چونکە (بەڕای من) وشەو شێوەزاری هەورامی پڕە لە ئاوازو مۆسیقاو وەك زۆرێك لە پسپۆڕانی بواری مۆسیقاو گۆرانی دەڵێن، گۆرانی هەورامی مۆسیقای ناوێت چونکە خودی وشەکانی ئاوازدارە. شیعرەکانی مەولەوی ئەگەر لێشی تێنەگەیت، تەنها بە دروستی بیخوێنیتەوە هەست بەو ترپەو هارمۆنییە دەکەیت کە لە هۆنراوەکانیدا هەیە. مەولەوی لە هۆنراوەکانیدا، لە سەدان هۆنراوەیدا ناوی ئامێرە جیاجیاکانی مۆسیقای بردووە لەوانە (دەف، نەی، سەمتور، ساز... هتد). کە بەگشتی وەزیفەیەکی ئەنتۆلۆجی داوەتە ئەو ئامێرانەو هەروەها (موغەنی) گۆرانیبێژ یاخود (نەیچی) نەی ژەن. لە لاپەڕە (507)ی دیوانەکەیدا بەناونیشانی (وادەی سفیدی)، سەرەتا باسی هاتنی مەرگو نیشانەی سەر سپی بوونی دەکات، بەڵام ئەم هێشتا لە غەفڵەتایە...و دەڵێت:

من پەمەی غەفڵەت کەڕ کەردەن گۆشم    هیچ وەکەسی نیەن نەگۆش نەهۆشم

موتریب بەو نەغمەی (شانازی)تەوە    یا بەو پەردەی پاك (حیجازی)تەوە
بوڵەندکەر دڵسۆز سەدای دڵتەنگی    بەڵکەم بێدابوو جەی خاوی سەنگی
(تاوگۆزی مەولەوی، 1389 ه ش ل٥٠٧)

من غافڵم... موتریب مەقامەکانی (شانازی)، (حیجازی) بڵێ، بەدەنگی بەرز دڵم تەنگە... بەڵکو بێداری بکەیتەوە... واتە موتریب هۆکاری ڕاچەنینە لە خەوی قورسی غەفڵەت. لە دەسپێکی هۆنراوەی (نەوای ناڵەی دڵ) دەڵێت:

نەوای ناڵەی دڵ، وێنەی سەدای نەی    پیاڵەی زووخاو مەنۆشوو چون مەی

**هۆنراوەی (ئێمشەو هەم خەمان):**

ئێمشەو هەم خەمان وەنەم سەرداوە     سەرتاپای تەنم ئایر وەرداوە
موغەنی کۆکەر سازانت وەهەم     سەمتوریٚ، تاریٚ، وەهەم کەرە جەم
نەیچی! سالیٚدەر، قەزات وەماڵم     دەمێ دەرجەنەی، دەروون زوخاڵم
هۆشێ کەر هەم فەرد! سازان بسازە     باڵات وەکاڵای خەمان بوورازە
باوەرە بسات تەمام تەیارکە     شەو خەفتەنی شووم بەژاری مارکە
قەزای پەنجەکەت دەك لەمن کەفێ     خەیلێ عاجزم، سالیٚدەر دەفێ
باوەرە کوورەی دڵ نە(جەهد)وجەخت رووی تەوبیخ‌ولای "مەعدوومی"ی بەدبەخت
(تاوگۆزی مەولەوی، 1389 ھ ش ل٤٨)

ئەمشەو خەم سەریهەڵداوە لێم... سوتاوی (فیراق)م، بۆیە گۆرانی بێژ، هەموو ئامێرەکانی مۆسیقات جەم کە، دەمێك یاخود لێوت بنێ بە نەیەوە.

هۆشکردنەوە، بەوەی کە خەم بکەیتە کاڵای باڵات... هەموو ئەم (بساط) و زەمینەسازییە بۆ گەیشتن بە معشوق، لە شەودا... کە خەوی شووم دەزرێنێ‌و دەیکاتە ژاری مار.

عاجزی دووریم... لێدەر دەفێ... دڵ بخەرە کورەی (جهد) سەماو سۆز جۆش و خرۆشمەوە، وەك زەمینەیەك بۆ گەیشتن بە (وصال) لە دوای (فیراق). یاخود لە هۆنراوەیەکی دیکەدا:

سەمتووری سینەم وەزایەڵەی بەرز     مەژەنۆ نەوای دووریت وەسەد تەرز
(تاوگۆزی مەولەوی، 1389 ھ. ش ل٢٧٧)

مەولەوی شاعیر، لەم هۆنراوانەو دەیان نموونەی دیکەدا، بابەتی گۆرانی بێژ (موغەنی- موطریب)و ئامێرەکانی مۆسیقای وەك کەرەسەی زمان‌و ئەدەبی عیرفانی بۆ مەبەست‌و بابەتی ئەنتۆلۆجی خستووەتەروو کە دەگونجێت بە وێنەو قوڵی لای مەولانا نەبێت، بەڵام زادەی ترادسیۆنی عیرفانییەو وێنەو ئایدیاکان عیرفانی‌و بابەتی ئەنتۆلۆجین کە (مردن، شادی، خەم، رۆح، ناڵەی دووری... هتد) لەخۆدەگرێت.

**ت.جبران خلیل جبران:**

شاعیرێکی مەسیحی مارۆنی خەڵکی لوبنانە، زۆربەی ژیانی لە ئەمەریکاو فەرەنسا بەسەر بردووە، ئەم شاعیرەمان ئەگەرچی مۆدێرنەو رابەری شاعیرانی (مهجر)ی عەرەبە لە تاراوگە، بەڵام بە مۆدێلی خۆی عارفەو لە نووسینەکانیدا بە گشتی‌و لە هۆنراوەکانیدا بەتایبەتی هەڵگری رۆحێکی پرسیارکەری ئەنتۆلۆجیانەی قوڵە بۆ سەرجەم بابەتەکان.

(جبران) کە لە (نیویۆرك) دەژیا لە ئاپارتمانێکی کۆنی سادەدا دەژیا کە ناوی نابوو (صومعە) واتە دێرو خەڵوەتگە چونکە زۆر چێژی لە تەنهایی‌و بیرکردنەوەو خەڵوەت‌و (تأمل) دەبرد. هەر لێرە بوو کە (جبران) سەرقاڵی خوێندنەوەی هەندێك لە کتێبەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی (نیتچە 1844- 1900ز) بووەو پێی کاریگەربوو (ساباپارد نازك ، 1377 ھ ش ل١٧).

بەتایبەتی کتێبی -وایگووت زەردەشت- کە باس لە (مرۆڤی باڵا)، (مەرگی خوا)، (گەرانەوەی نەمرانە)، (مرۆڤی باڵا بەکاملترین شێوەو پۆزەتیڤترین مانای خۆی...)

( https//fa.m.wikipedia.org) .

(جبران) رابەری شاعیرانی (مهجر) بوو کە بەرای ئەوان وەزیفەی ئەدەب دەربڕینی حەقیقەتی (هەست‌و بیری) مرۆڤ بوو. ئەوان شێوازێکی زمانی دەربڕینی نوێیان هەڵبژارد بۆ ئەدەب، کە (لفظ) تەنها هۆکارێك بوو بۆ دەرخستنی چەمکە رۆحیەکانی مرۆڤ.

(حنا التاخوری) لە کتێبەکەیدا بەمجۆرە وەسفی جبران دەکات : "جبران وەك نووسەرێك، خاوەن خەیاڵێکی سەرسوڕهێنەرە، خەیاڵێك کە بە رۆحی تەسەوفی رۆژهەڵاتی‌و سۆزی فراوان‌و رەنگرێژێکی کاریگەر لە کتێبی پیرۆز (ئینجیل)، تێرکراوە..." (ساباپارد نازك ،1377 ھ ش ل١٨).

جبران لە کتێبی (کتاب الهلال)دا لە بەشی سێیەمدا بەناوی (فی الموسیقی)، سەرجەم تێڕوانینە ئەنتۆلۆجیەکانی خۆی بۆ مۆسیقا دەخاتەروو، ئەمە جگە لە سەرجەم نووسینەکانی کە زادەی عەقڵ‌و خامەی کەسێکی پرسیارکەری قوڵن.ئەوەی ئێمە لێرەدا کردوومانەتە کەرەسەی توێژینەوەکەمان لە بابەت دیدی ئەنتۆلۆجیانەی جبران بۆ مۆسیقا، چامەی (المواکب).

**چامەی (المواکب) 1919**

ئەم چامەیە لە (203) بەیت پێکهاتووە، وەك (موشحّات) دیدو تێڕوانینەکان بەسەر رۆڵی جیاوازدا دابەشکراون، بەجۆرێك کە ئەم چامەیە گفتوگۆیەکی فەلسەفی نێوان دوو جۆر لە دیدو ئەزموون‌و حکایەتە. یەکێك لەوانە دەنگ‌و دیدی پیرێکی کامڵەو دووەمیشیان لاوێکی تازەپێگەیشتووە کە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ژیانیدایە.

ئەو بابەتانەی کە لەنێوان ئەم دیدو ئەزموون‌و جیهانبینیەدا دەبێتە بابەتی گفتوگۆ بریتین لە : (چاکەو خراپە، حەقیقەتی بوون، شادی‌و غەم، ئاین، عەدالەت، هێزو دەسەڵات، زانست، ئازادی، عیشق، خۆشبەختی، گیان‌و جەستەو مەرگ‌و نەمری).

دیدی یەکەم یاخود (کابرای پیر)، دەربڕی واقعیەتێکە کە لە کۆمەڵگەدا دەگوزەرێ‌و لە دوالیزمەکانی نێو ژیان دەدوێت کە دژەکانی لە یەکتری جیاکردووەتەوە (بۆنموونە، بەهێزو لاواز، گریان‌و شادی، رۆح‌و جەستە)و جیاوازی دەکات لە نێوانیاندا، بەڵام خودی کەسایەتی پیرەکە، هەموو ئەم حەقیقەتانە دەخاتە بەر رەخنەگرتن کە لەواقیعدا حوکم بەسەر ژیاندا دەکەن.

لە دیدی دووەمدا (کەسایەتیە لاوەکە) باسی وەسفی دارستانێك (غابە) دەکات کە لەراستیدا رەمزی فەلسەفەی (وحدت)ە. بە واتایەکی دیکە، ئەم دیدە باس لە جیهان‌و جێگەیەك دەکات کە خاڵییە لە هەموو دوالیزم (دژیەك)ەکان، هەر بۆیە کاتێك کۆتایی بە باسی بابەتێك دەهێنێت، بەیتی (اعطنی النّای و غنّ..) دەکاتە بەیتی کۆتایی‌و قفڵی ئەو بابەتە کە وەسفی ئەو جۆرە جیهانەیە (جیهانی دارستان). لەم چامەیەدا ئەم جوت بەیتی (اعطنی النّای و غنّ..)یە (18 جار) دووبارە دەبێتەوەو هەرجارێك بەجۆرێك، بەڵام بەگشتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە (مۆسیقا) حەقیقەتێکی کامڵی لەخۆگرتووە کە ئەویش بوونی سەرەتاو باڵایە.

جەدەلێك کە لەم چامەیەدا لەنێوان ئەم دوو دیدەدا، رووددەدات، دەربڕی ئەو حاڵەتە بەریەککەوتنە دەروونییەیە کە لەنێوان (جبران)ی جیهانی دوالیزمە دژیەکەکان‌و دەرهاویشتەکانیەتی کە بەدەست نادادی‌و گومڕابوونەوە دەناڵێنێ، لەگەڵ (جبران)ێك کە ئاوازو بانگی رۆیشتن بەرەو جیهانی کەماڵ‌و خۆشبەختی‌و جیهانی عیرفانی لە ناخ‌و

دیدیدا سەرهەڵداوە، کە لەو جیهانەدا، هەموو دژەکانو جۆرە جیاوازەکان لە (وحدت)ێکی تەواودا دەتوێنەوە. (جبران)، (دارستان)و (نەی) بە سیمبوڵی ئەم جیهانە دەزانێت، ئێمە لێرەدا لەبەر دوورودرێژی چامەکە، تەنها دەتوانین ئاماژە بەو بەیتانە بکەین کە باسی (نەی) تێدایە، کە ئامانجی ئێمەیە لەم توێژینەوە ئەنتۆلۆجیەدا بۆ مۆسیقا (سابایارد نازك ،1377 هـ ش ل١٩).

أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا یرْعی العقولْ
و أنینُ النّای أبقَی مِن مَجسیدٍ و ذَلیلْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا یمحو المِحَنْ
و أنِینُ النّایِ یَبقی بَعد أن یَفنی الزّمَنْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا خَیرُ الشّرابْ
و أنِینُ النّایِ یَبقی بَعد أن تَفنی الهِضابْ
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا خَیرُ الصّلاةْ
و أنِینُ النّایِ یَبقی بَعد أن تَفنی الحیاةْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا عَدل القلوبْ
و أنِینُ النّایِ یَبقی بَعد أن تَفنی الذّنوبْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا عَزْمُ النّفوسْ
و أنِینُ النّایِ یَبقی بَعد أن تَفنی الشّموسْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا خَیرُ العُلومْ
و أنِینُ النّایِ یَبقی بَعد أن تطفا النّجُومْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا مَجدً أثیلْ
و أنِینُ النّایِ أبقَی من زَنیمٍ و جَلیلْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا لطفُ الوَدیعْ
و أنِینُ النّایِ أبقَی من ضَعیفٍ و ضَلیعْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا ظَرْفُ الظّریفْ
و أنِینُ النّایِ أبقَی من رقیقٍ و کَثیفْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا حبُّ صَحیحْ
و أنِینُ النّایِ أبقَی من جَمیلٍ و مَلیحْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا خیرُ الجنونْ
و أنِینُ النّایِ أبقَی من حَصیفٍ و رَصینْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ و انسَ ظلمَ الأقویاء
انّما الزّنبُقُ کأسٌ للنّدَی لا للدّماء
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا نارٌ و نُورْ
و أنِینُ النّایِ شَوْقٌ لا یُدانیهِ الفُتُورْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا جسمٌ و رُوحْ
و أنِینُ النّایِ أبقَی من غَبوقٍ و صَبوحْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا جسْمٌ یَسیلْ
و أنِینُ النّایِ أبقَی من مسوخٍ و نغولْ
* * *
أعطِنی النّایَ و غَنّ فالغِنا سرُّ الخُلودْ
و أنِینُ النّایِ یبقَی بَعد أن یَفنی الوُجُودْ

## 5. دەرئەنجام

1. مۆسیقا لە ئەدەبیاتی فەلسەفیو عیرفانیدا، بوونێکی ئەنتۆلۆجی هەیە.
2. مۆسیقا لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا کەرەسەی ڕاڤەکردنی بوونە.
3. عیرفان بەهەموو مۆدێلو جۆرەکانیەوە لە ئیسلامیو مەسیحیو یەهودیو بودی، هەڵگری یەك پارادایمی هاوبەشە لە هێڵە فیکرییە گشتییەکاندا.
4. مۆدێلی عیرفانی باڵاترە لە ئاینو فەلسەفە.
5. مەولەوی وەك شاعیرێکی کورد، لەو بابەتانە دواوە کە عارفو شاعیرە گەورەکانی فارسو عەرەب لێی دووان، بەڵام بە تایپی خۆی.
6. مۆدێرنە بەجۆرێك لە مۆدێلەکانی، مۆسیقای لە وجودێکی ئاسمانی دابڕیو تەنها بوونێکی ئیستێتیکی دایە.
7. عیرفان جەوهەری مرۆڤ ئامانجیەتی، بۆیە هەڵگری ڕاڤەی ئەنتۆلۆجیە، بەڵام مۆدێلی نوێی ئاین تەنها (فقه)و مرۆڤ ئامانج نییە، بەڵکو بە قوربانی کراوە، بۆیە لە خوێندنەوەی نوێی ئاینیدا باسی (حەرام)و (حەڵاڵی) مۆسیقایە.

## سەرچاوەکان

جيليز، دونالد،(٢٠٠٩)، فلسفة العلم في القرن العشرين، ،ترجمة و دراسة د.حسين على، دار التنوير، بيروت.

امين، احمد، (١٩٣٥)قصة الفلسفة اليونانية، مطبعة دار الكتب المصرية، قاهرة.

كاشانى، عزالدين محمود(٧٩٤ق)، مصباح الهداية ومفتاح الكفاية، اميركبير ،تهران.

يثربي،، سيد يحيى،( 1377هـ .ش) ، فلسفة عرفان، مركز انتشارات و دفتر تبليغات إسلامي، حوزه قم.

فولادى ، عليرضا ،( 1389 هـ. ش)، زبان عرفان،، سخن، مزاطفت، تهران.

برتلس، يوگنى ادوارد ويچ( 1387 هـ. ش) ، تصوف وادبيات تصوف ترجمة سيروس ايزدى، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران.

يثربي، سيد يحيى ،( 1387 هـ. ش)، عرفان نظري، مؤسسة بوستان.تهران.

زرينكوب، عبدالحميد ،( 1377 هـ. ش) پلەپلە تاملاقات خدا، تهران.

بلخى، مولانا جلالدين محمد ،(١٣٨٧ هـ.ش.)، مثنوى معنوى براساس نسخمه نيلكسون. چاپ مزائن نشر پيمان،تهران.

تاجدين، على ،( 1388 هـ. ش.)، فرهنط نمادهاو نشانةها در انديشه مولانا، سروش، تهران.

تاوگۆزى، مەولەوى، (1389 هـ. ش.) ديوانى مەولەوى لێکۆڵینەوەی ملا عبدالكريمى مدرس، انتشارات كردستان، سنندج.

ساباپارد ، نازك ،( 1377 هـ. ش)، از ناى نى، وەرگێڕانی بۆ فارسى محمد صادق شريعت، مؤسسه انتشارات شاب، تهران.

عبدالهى، محسن ، پارادايم چيست؟ قسمت اول.tirat.blogfa.com.

خاستگاه وظهورعرفان مسيحى،ويكيپديا،دانشنامه آزاد. https//fa.m.wikipedia.org